# له قوتابخانەی گوندی شەدەڵەو مامۆستا جەمال

چەند ڕۆژێك بەرلەدامەزراندنم بە مامۆستا, بەهیوابووم لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی منداڵیی خۆمدا دابمەزرێم, ئەوەبوو لەڕۆژی 1967/2/20 کاتێك موقابەلە کراین بۆ دەستنیشانکردنی شوێن بۆ دامەزراندن لە کتێبخانەی گشتی, لەلایەن لیژنەی میلاكو بەڕێز بەڕیوەبەری پەروەردە, سەرەی موقابەلە بەپێی کۆی نمرەکان بوو, بۆیە من کە (دووەم)بووم سەرەتا چووینەژوورەوەو گوندی شەدەڵەم بەرکەوت, ئەگەر بڵێم بەخەویش ناوی (شەدەڵەم) بەرگوێ نەکەوتبوو ڕاست بوو, بەڵام کە هاتمە دەرێ, تووەمز زۆرکەس بەتەمای شەدەڵە بوون, بۆیە کەمێك هیوام پەیدا کرد, پاشان خۆم ئامادەکرد هەرچەند لە دڵەڕاوکێدا بوم, لەوەی نەمدەزانی مامۆستاکانی شەدەڵە کێن‌و خەڵکی شەدەڵە چۆن خەڵکێکن, لەلایەك‌و دوورکەوتنەوەم بۆ یەکەمجار لە خۆشەویسترین کەسم کە دایکم بوو, لەلایەکی ترەوە هەرچۆن بوو, ڕۆژی 1967/2/22 ئۆتۆمبیلێکم گرت کە ناوی شۆفێرەکەی (حاجی عەبدوڵڵا) هۆمەر قەومی بوو لەڕێگا حاجی عەبدوڵڵا باسی دانیشتوانی شەدەڵەی بۆکردم, بە جۆرێك خۆم بەغەریب نەدەزانی بەڵێ کات ژمێر 12ی نیوەڕۆ گەیشتینە شەدەڵە لای چایخانەکەی (شێخ تالیب) لەوێ پیاوێکی هێمنی لەسەرخۆ بەخێرهاتنی کردم بەناوی (شێخ مەحمود مام سەلمان) کەسەقای قوتابخانەکە بوو, لە ڕێگا بەرەو ماڵەکەی کە هەردوو مامۆستا جەمال تاهیرو مامۆستا (جەعفەر فەقێ ئەحمەد)ی لێ بوون, مامۆستایانی گوندەکە بوون, کاك شێخ مەحمود هێند باسی ئەو دوو مامۆستایەی بۆ کردم, بەڕاستی خۆشبەختی و ئارامی بەمن بەخشی, بۆیە کە گەیشتینە بەرماڵەکە, هەردوو مامۆستا وەك دووفریشتەی بەبەزەیی باڵیان بەسەرمدا کێشاو ماندوویەتی چەند ساڵەی خوێندنیان لەبیر بردمەوەو پاش کەمێك یەکترمان ناسی, کاك جەمال تاهیر بۆی دەرکەوت ئەوەی ئەو بەنیازی بووە بۆ هاتن, من بووم چونکە بەڕاستی لەتاقی کردنەوەیەکی بێ نیازدا, توانی لەمن بگاتو بزانێ کە هەڵوێستو بۆچوونی من چییە؟ ئەوسا من‌و کاك جەمال تاهیر بووینە دوو هاوڕێی گیانی بەگیانی ئەوتۆ کە من بێ ئەو هەڵم نەدەکرد, لەبەر ئەم خەسڵەتە باشانەی کە لەژیانی ڕۆژانەی کاك جەمال تاهیردا دەمبینی لەماوەی دووساڵ هاوڕێیەتی فعلی کەشەوو ڕۆژ بەیەکەوە بووین, واتە ساڵی 1967و ساڵی 1968 لەوخەسڵەتانەش: (مامۆستا جەمال تاهیر کەسێکی چاونەترس‌و بوێرو ئازاو لەسەرخۆو هێمن‌و نهێنی پۆش بوو بەتوانابوو لەپەیداکردنی دۆستایەتی لەبواری کۆمەڵایەتیدا, کاتێ قسەی بۆ هەر کەسێك بکردایە, بەزووترین کات دەیکردە هاوڕێ‌و هاوبیری خۆی, چونکە زۆر بەسەلیقەو کاراماو کاریگەر بوو) جا لێرەدا, وەك وەفا چەند بەسەرهات و بیرەوەرییەك دەخەمە ڕوو, لەوبەسەرهاتانەی بەچاوی خۆم لەم کەڵەپیاوەم بەدیکرد:

ڕۆژێکی هەینی لەبەهاری ساڵی 1967دا, دەعوەتی لێپرسراوی عەسکەری لقی پ.م (3)ی بەتالیۆنی (6)ی هێزی ڕزگاری کرد, بەناوی کاك (بەکر تەوەکەڵی) لە لقەکەی کاك (ئەسعەد تەوەکەڵی). پاش نانخواردن کاك جەمال گوتی: عەلی گیان لە هەیوانەکە دابنیشە و باکەس نەیەتە ژوورێ, چەند قسەیەك لەگەڵ کاك بەکر دەکەم بەڵێ پاش دوو سەعات کە هاتنە دەرێ کە کاك بەکر زۆر بەگەرمی خواحافیزی کرد, بۆیە گوتم کاك جەمال ئەوە بۆ کاك بەکر بەمجۆرە خواحافیزی کرد,گوتی: عەلی گیان هەقت نەبێت, بەیانی تێدەگەی بەڵێ بۆ ڕۆژی دوایی, کاك بەکر لەناو گوندو لەناو لق هەواڵیان دەپرسی, هەتا چەند ڕۆژێك تێپەڕی ئەوسا دەرکەوت کە کاك بەکر پەیوەندی کردووە بە هێزەکانی حزب لە بەکرەجۆو سەنگەری خەباتی گواستۆتەوە.

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

جاری دووەم,ڕۆژێکی هەینی تر بوو کە منو کاک جەمال نەگەڕاینەوە بۆ سلێمانی, بەڵکە بۆ بەسەربردنی ڕۆژیی هەینی چووینە چایخانەکەی گوندو بە دۆمینەو قسەی خۆش کاتمان بەسەر برد, لەپڕ کادیرێکی پارتی بەناوی کاک (عوسمان حەساری) هاتە ناو چایخانەو سەلامی کرد, ئێمەش وەڵاممان دایەوەو هاتە لامانو گوتی بۆلای ئێوە هاتووم ماموستایان. وتمان بەخێرهاتی سەرچاو, پاشان داوای ئابوونەی کرد. کاک جەمال تاهیر گوتی: برا ئابوونەی چی؟ خۆ ئێمە ئەندامنین, ئنجا دەتەوێ تووشمان کەی لای میری کە ئێمە ئابوونە دەدەین ناچار کاک عوسمان گوتی: بابە ناوی دەنێی چی بینێو یارمەتی مان بدەنێ, ئەوەبوو یەکی نیودینارمان داپێی‌و ویستمان بۆ نیوەڕۆ بگەڕێینەوە ماڵ, کەچی کاکی کادر گوتی: ماموستایان زەحمەت نەبێ لەگەڵ ئێوە دێمەوە, ئەم نیوەڕۆیە لای ئێوە نان دەخۆم. هەرچەند کاک جەمال هەوڵیدا کە نەیەت بەوەی گوتی ئێمە زگورتین چێشت وشت نازانین, تەنها پەتاتەو هێلکەمان هەیە. وتی گرنگ نییەو حەز بەلای ئێوە دەکەم.

بەڵێ هات لەگەڵمان, دوای نان خواردن ڕۆژنامەیەکی (التاخی)پێبوو لە جانتاکەی دەرهێناو گوتی: فەرموو ئەم جەریدەیە بخوێننەوە. کاتێ کاک جەمال لیێ وەرگرت تێی ڕووانی, دوایی چەند پەڕەیەکی لێدەرهێناو دایە دەست من و گوتی: کاک عەلی تۆ چی لەم ڕۆژنامەیە دەگەیت, منیش بە ڕاستی سەیرم کرد زۆرینەی ئەوپەڕانە هەمووی باسی وەرزش‌و کەمکردنەوەو ئیعلانات بوو, بۆیە گوتم ئەمە جەریدەی (ریازەو رەسمە). کاک عوسمان حەساری تووڕە بوو, گوتی ئەوە ئێوە گاڵتە بە ڕۆژنامەکەمان ئەکەن. کاک جەمال زوو گوتی بابە گاڵتەی چی حەقیقەت ئەوەیە کە زۆرینەی باسەکان (اعلاناتو مناقصە)یە, دەوەرە تۆ سەیری ئەم ڕۆژنامەیە بکە کەهی جەماعەتی (مام جەلال ) جەریدەی (النور) کە لەوڕۆژەدا دەردەچوو, دایە دەست کاک عوسمان کە تەنها (2) لاپەڕە بوو, ئیتر کاک عوسمان بە بۆڵەبۆڵ ڕۆیشتو پاش ماوەیەك توومەز شکایەتی کردبوو لەلیژنەی ناوچەی قەزای پ.د.ك, بۆیە بانگکراین بۆ لێکۆڵینەوە لەسەرگەڵوو, هەرچەند کاک جەمال هەوڵیدا بۆ دەربازبوون لەوشکایەتە, بەڵام بێ سوودبوو دوای ماوەیەك لە مشتومڕی گەرم, لەپڕ لەخۆشبەختی ئێمە بروسکەیەك هات درایە دەست شەهید کاک (سەلام دەلاك) کە لێپرسراوی لیژنەی ناوچە بوو, سەیری ئەندامانی خۆیانی دەکرد ناچار گوتیان: ماموستایان بڕۆن بەڵام جارێکی تر هەڵوێستتان بابەم جۆرە نەبێت, ئێوە لەژێر دەسەڵاتی (پ.د.ك)دان.

بروسکەکە ئەوەی تیابوو کە عوسمان حەساریی, سەنگەری گواستۆتەوە لەنزیك کەرکوك بۆ ناوجەماعەتی(مام جەلال) دیارە هۆکەشی کاریگەریی کاک جەمال تاهیر بوو کە چۆن وابوێرانە ڕۆژنامەی (نور)ی پیشاندابوو.

شەهید جەمال تاهیر بەم شێوەیە لەشەدەڵە مایەوە, هەتا ساڵی 1968, لەمانگی ئەیلولدا,ئەوەبوو بۆ پاراستنی ژیانی خۆی دوای ئەوەی ڕووبەڕووی مەترسی بۆوە شەوێکیان لەدوای بانگی بەیان هەستاو ڕۆیشت بەتەنگی حاجی تانا چووە سەرجادەو خۆی ڕزگار کرد. بەیانی کاتی قوتابخانە هات ویستم خۆم بگۆڕمو بچمە قوتابخانە, (2)پێشمەرگەی (پ.د.ك) هاتنو هەواڵی کاک جەمالیان پرسی گوتم چۆتە قوتابخانە وامنیش دێم, گوتیان: قوتابخانەی چی ئەفەندی؟

گوتم: کەواتە نازانم خوا عەلیمە لەگەڵ من نووست شەوبەیان هەستام, وام زانی چۆتە نوێژو لەوێشەوە بۆ قوتابخانە.

ئەوەبوو بانگکرام چەند جارێكو چەند ڕۆژێك لەهاتووچۆی سەرگەڵو-شەدەڵەدابووم, دوایی گوشار خرایە سەرم کە نابێ بێپرس بۆ هیچ شوێنێك بڕۆم, تا هەواڵ گەیشتە دایکم کە فریای کوڕەکەتان بکەون. جارێکیان لەوساڵەدا

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

بەڕێز(مام جەلال) دەعوەت دەبێ لە سابونكەران لەماڵی كاكە حەمەی فەرەج بۆ كفتە دایكیشم دەچێ بۆ ماڵی كاكە حەمەو كاكە حەمە دەچێت بە پیریەوە, ها باجی فاتم ئەوە خێرە؟

دایكیشم یەكسەر دەچێت بۆ ژووری میوانەكە و دەڵێ: كامەتان (مام جەلال)ە هەتیوەكەم لەشەدەڵە تاوانبار كراوە بەوەی پیاوی مام جەلالە, واخەریكە دەی كوژن مام جەلال دەڵێ: خوشكم من مام جەلالم بەخوا جاش نیمو هەتیوەكەشت جاش نییەو بیدەرە دەست خوا, ئینشائەڵڵا رزگاری دەبێت.

بەڵێ پاش چەند رۆژێك هەواڵ هات كە كاك جەمال تاهیر گەیشتۆتە سلێمانیو بۆتە جەلالیو ڕزگاری بوو.

لەكۆتاییدا سەری ڕێز بۆ ئەو كەڵەپیاوە دادەنەوێنمو لەخوای گەورە دەخوازم كە جێگەی بەهەشت بێو هاوڕێو هاوبیرانیشی لەسەر ئەوڕێبازەی كاك جەمال بەردەوامبن, تا بە ئامانجی پیرۆزی سەركەوتنی یەكجاری شاد دەبین.

عەلی مەجید ساڵح

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com